# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd ISSN: 2520- 4106 هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:٢٠٢٥/٢/١٠
پەسەندكردن:٢٠٢٥/٧/١

# مۆسیقای شیعریی لای میهری

**سعد فاروق یوسف شێخ بزێنی**
بەشی كوردی
كۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی
زانكۆی سەلاحەدین
Saad.yousif@su.edu.krd

پوختە

میهری لە شیعرەكانیدا مۆسیقایەكی شیعری ڕازاوەی بەرجەستە كردووە، بە تایبەتی لە رووی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەكانیدا بەمەش شیعرەكانی لە رووی كێش و سەرواوە جۆراوجۆرن و ئاوازێكی جوانی بە شیعرەكانی بەخشیووە، هەروەها مۆسیقای ناوەوەی شیعرەكانی میهری ئاوازێكی جوان و هەمەڕەنگی بە شیعرەكانی بەخشیووە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكی و مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە پێكهاتووە كەلە مۆسیقای دەرەوە باس لە كێش و سەروا كراوە، كە بەزۆری پەیرەوی كێشی عەرووز كراوە لە شیعرەكانیدا بە تایبەتی كێشی هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و ڕەجەز، هەروەها كێشی برگەشی بەكارهێناوە بەتایبەتی كێشی برگەی (٧و٨و ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤)، هەروەها سەروای یەكگرتوو و مەسنەوی و و چواری و پێنجی و سەروای كۆپلەی تاك و تەشتیری بەكارهێناوە لە شیعرەكانیدا، هەروەها لە مۆسیقای ناوەوەش پاتكردنەوەی بەكارهێناوە بەتایبەتی پاتكردنەوەی دەنگ و ووشە .

كلیلە وشە: مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوە، شیعری كۆن، میهری ، كێش و سەروا.

## پێشەکی

هەروەکو ئاشکرایە مۆسیقا پێکهاتە و بناغەیەکی سەرەکی شیعرە. یەکێکە لە پێکهاتەی ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی شیعر. بە درێژایی مێژوو شیعر بە بێ مۆسیقا نەبووە، لەبەرئەوەی مۆسیقا دەبێتە مایەی هاوسەنگی شیعر. ئەوەی شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوە تەنها مۆسیقایە، لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی مۆسیقا لە شیعردا، لێکۆلینەوەکەمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە بە ناونیشانی (مۆسیقای شیعریی لای میهری). هۆکاری هەلبژاردنی ئەم بابەتە بۆ تیشک خستنە سەر مۆسیقای شیعرییە لای میهری، لەبەر ئەو داهێنانەی کە میهری لە ڕووی مۆسیقاوە لە شیعرەکانی ئەنجامی داوە. ئەمە لە لاییک، لە لایەکی تر بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا شتی لەسەر نەنوسراوە. و ئەگەر شتێکیش هەبێت، ئەوە لەژێر ناوی تر یان لە چوارچێوەی بابەتەکانی تردا لێی کۆڵدراوەتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکە بە پێی میتۆدی (وەسفی شیکاری ) ئەنجامدراوە . گرنگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە مۆسیقای شیعریی شیعرەکانی میهری دەکۆڵێتەوە بەو نیاز و مەبەستەی لە چوارچێوەی مۆسیقای شیعرەکانیدا کارێکی هونەری پوخت و جوان بەدەست بهێنین. بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە: لە بەشی یەکەم: باسی پێناسەی مۆسیقای شیعر و مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی میهری کراوە. لەبەشێ دووەم: باسی مۆسیقای نـاوەوەی شیعرەکانی میهری کـراوە. گرنگترین ئەنجامەکانی لیکۆلینەوەکەش لە بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو.

## پێشینەی توێژینەوە

دوای گـەران بە دوای لێکۆڵینەوەی زانستی لەم دە سالانەی دوایی دا تەنیا یەک نامەی ماستەر بە ناونیشانی (بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی میهری دا). لەلایەن (یوسف علی محمد) پێشکەش کراوە. باس لە وێنـەی شیعری لە شیعرەکانی میهری دەکات لە ڕووی تیوری و پراکتیکیەوە ، لە بەشی یەکەم باس لە پێناسەی وێنەی شیعری و گرنگی وێنـەی شیعری و پێکهاتەکانی وێنـەی شیعری دەکات، لە بەشی دووەمدا باس لە جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و ژیری و جۆرەکانی وێنـەی شیعری لـە ڕووی پێکهاتەی شـێواز و ڕوونبێژی و جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی بزاوتن و بنیاتەوە دەکات، لە بەشی سێیەم باس لـە سـەرچـاوەکـانی وێـنـەی شیعری لای میهری دەکات، بەتایبەتی سەرچاوەی خودی و بابەتی و سـەرچاوەی نەتەوەیی و سـەرچاوەی جیهانی و سـەرچاوەی شیعری نەتەوەکانی تر. هەروەها عزیز گەردیش، لێکۆلینەوەیەکی بە ناونیشانی (میهری نشتیمان پـەروەر)، لە نووسـەری نوێ ژمـارە (٢) سالی (١٩٧٤) بـلاوکـردۆتـەوە. باسی نـاوەرۆکـی شیعرەکانی میهری دەکات بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە گوزارشت لە مەبەستی نشتیمان پەروەری دەکەن واتە هەستی نشتیمان پەروەری چەندە کاریگەری هەبووە لەسـەر میهری کە لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتـــەوە ، هـەروەهـا عزیز گـەردی لـە کتێبی: ڕابـەری کێشی شیعری کلاسیکی کـوردی کە لە سلێمانی لە سالی ٢٠٠٣ لە چاپخانەی (دێکان) بلاوکراوەتەوە باس لە کێشی شیعری کلاسیکی کوردی دەکات لەنێویاندا میهری. هەروەها محمدی مەلا مستەفای هیرانی، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بۆ دیوانی میهری کـردووە، لە سالی (٢٠١٣) دا

بڵاویکردۆتەوە. تەنها کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی شیعرەکانی میهرییە لە چوارچێوەی دیوانێک دا، ئێمە هەڵسەنگاندنمان بۆ هەموو شیعرەکانی میهری کردووە لە دیوانەکەیدا لە ڕووی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە لە شیعرەکانیدا، بۆیە ئەو سەرچاوانەی میهری کە باسکراوە هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (مۆسیقای شیعریی لای میهری) نییە و بۆ یەکەم جارە توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە پێشکەش دەکریت. ئەم سەرچاوانەی سەرەوەی پێشینەی توێژینەوە کە لەسەر میهری شاعیر نووسراوە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ توێژینەوەکەمان چونکە بابەتەکانیان جیاوازن و پەیوەندی بەو لایەنەی توێژینەوەکەمان نییە نە لە ڕووی تیۆرییەوە نە لە ڕووی پراکتیکیەوە.

## بەشی یەکەم: مۆسیقای شیعریی لای میهری[1]

مۆسیقا یەکیکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەرەتیەکانی شیعر، مۆسیقای شیعر کاریگەری زۆری لەسەر سەرنج ڕاکێشانی وەرگر هەیە، چونکە خودی مۆسیقا (هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکان بەکێشی هەڵبەستەکەی دەدەن)(بیمار ١٩٩٢، ل١١)، شاعیر بە کاریگەری مۆسیقای شیعرەکەیەوە دەتوانێت کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر دروست بکات، بۆیە ئەفلاتوون پێی وایە (شاعیر بەهۆی وشەو ڕستەکان گونجاوی دەبەخشێتە هەریەک لە پیشە جۆراو جۆرەکان.... ئەو کەسانەش سەرنج دەدەنە کارەکەی تەنیا لەسەر وشەکان بریاری خۆیان دەدەن و لەبەرئەوەی بە یارمەتی کێش و نەزمی شیعر و ئاواز قسەدەکات )(بیمار ١٩٩٢:١١) . مۆسیقا هەست و سۆزو ئاواز بە وشە و دەستەواژەکانی شیعرەکە دەدات و چێژ بە وەرگر دەبەخشێت .

مۆسیقا سازگاری و ڕەوانی بە شیعر دەبەخشێت و وا لە وەرگر دەکات کارتێکراو بێت بە وشە و دەربرینەکانی شیعرەکە، مۆسیقا لە شیعردا ئاویتەی ڕەگەزەکانی تری شیعر دەبێت و کار لەیەک دەکەن و پێکەوە جوانی شیعرەکە بەرجەستە دەکەن و بەلایەنیکی گرنگی ئیستاتیکی شیعر هەژمار دەکرێت . مۆسیقای شیعریی بەپێی جۆری دەرکەوتنی لە شیعردا بۆ دوو ئاست دابەش دەبێت: (١-مۆسیقای دەرەوە، ٢-مۆسیقای ناوەوە) .

بەشی یەکەم / مۆسیقای دەرەوە: یەکێکە لە دوو جۆرەکەی مۆسیقای شیعریی، بەهۆی کیش و سەروای شیعرەوە دروست دەبێت و ((دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکە و سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتەوە)) (عەلی ١٩٩١:٨٧ )، ئەم جۆرە مۆسیقایە، ئاوازی دەرەکی شیعرەکە لە ڕووی هاوسەنگی و ڕێکەوتنی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، بەوەی بە کەمکردن یان زیادکردنی بڕگە لە کێش ، یاخود بە نەگونجاندنی ئەو دەنگانەی سەروا دروست دەکەن، لەنگی و نارێکی دەکەوێتە مۆسیقای شیعرەکە و ئاوازی شیعرەکە تێکدەچێت بەمەش پەیام و بیرۆکەی شیعرەکە وەک پێویست ناگات و چێژ و خۆشییەکی ئەوتۆ بە وەرگر نادات .

مۆسیقای دەرەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکات، چونکە وەرگر سەرەتا

١ - میهری ناوی تەواوی (مەلا محمد شەریف کوڕی مەلا ابراهیم کوڕی مەلا عبدالفتاح نەوەی مەلا (عبدالکریم) حەنەفیە،لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لە ساڵی (١٩٠٩) لە دایک بووە، میهری بە خوێندنی ئاینی و مەدرەسە دەستی پێکردووە پاشان لەسەر دەستی (مەلا فەندی هەولێری بڕوانامەی خوێندنی ئاینی پێدراوە، دواتر لە دادگای شەرعی شاری هەولێر دامەزراوە، میهری ژنی نەهێناوە لە ساڵی (١٩٤٢ز) بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە.

بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە ئاشنا دەبێت و لەوێوە مۆسیقا کار دەکاتە سەر هەست و ناخی وەرگر، (د.کامل حەسەن عەزیز بەسیر ) لە ڕوانگەی بایۆلۆجی دەروونییەوە باس لە کاریگەری مۆسیقای دەرەوە لەسەر وەرگر دەکات و دەڵێت: ((لێدانی دڵ و دەمارەکانی لەشی ئادەمیزاد بەگوێرەی چەشنی سۆز و هەڵچوون دەگۆڕێت، ئەگەر هات و سۆز ئاکامی ڕوداوێکی خۆشی و کامەرانی بەخشندە بوو، ئەو لێدانە خێرا و یەک بە دوای یەکدا دەبێت، بەلام ئەگەر سۆزەکە ماتەمین و خەفەتبار بوو لێدانەکە سست و خاو لەسەرخۆ دەبێت)) (البصیر: ١٩٣)، کەواتە مۆسیقای دەرەکی وەک بەشێکی سەرەکی مۆسیقای شیعری ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر سۆز و دەروونی وەرگردا دەبێت، (عەلائەدین سەجادی ) پێی وایە مۆسیقای دەرەوە پێویستە ((جۆشێکی نەفسی بدات بەدەستەوە )) (سجادی ١٩٨٦:١٣٤). بۆیەش هەر لەنگی و ناتەواوییەک لە مۆسیقادا کاردەکاتە سەر ئەو پەیام و مەبەستەی شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت و پێشکەشی بکات و دوا جار کاردانەوەی بەسەر جوانی شیعرەکەش دەبێت .

## مۆسیقای دەرەوە لەسەر دووپایە دامەزراوە:

١-کێش: یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی دروست بوونی مۆسیقای دەرەوە، لە کۆنەوە بە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان دانراوە و بەشیعرەوە پەیوەست کراوە، بۆیە لە یەکێک دیارترین پێناسەکانی شیعر لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەوە بووە: ((شیعر گوتەیەکی کێشداری سەرواداره، کە مانایەک دەبەخشێت)) (جعفر:٦٤). ئەم پێناسەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ ناساندنی شیعر بە گرنگیەوە لێی ڕوانراوە و پشتی پێ بەستراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جەختی لەسەر کێش کردووەتەوە و بەرەگەزێکی بنچینەیی لە بنیاتی شیعری داناوە . کێش پەیوەستە بە زمانەوە و زمان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کێشە و هەر زمانێکیش جۆرە کێشێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە بنەڕەتدا شاعیرانی ئەو زمانە لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە. میهری پەیڕەوی دوو جۆرە کێشی کردووە، وەکو ڕێژە بە پلەی یەکەم پەیڕەوی کێشی عەرووزی کردووە، بە پلەی دووەم پەیڕەوی کێشی برگەیی کردووە .

١-١-کێشی عەرووزی: جۆرێکە لەکێشی چەندی (( گوزارشت لەو سیستەمە دەکات، کە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بەسرەیی دۆزیەوە و تایبەتی کرد بەکیشی شیعری عەرەبی ))(زاهد، ٢٠١٠، ص٧٢). کێشی عەرووز ژمارەی برگەی کورت و درێژ و چۆنیەتی ڕیز بوونی برگەکان و دابەش بوونیان بۆپێی تایبەتی لە دێرە شیعردا دەکاتە بنەما ، ئەمەش ((بەگوێرەی بەدوای یەک هاتنی پیتی بزواو (متحرک) (ە) و پیتی وەستاو (ساکن) (ا)، پێ (تفعیلە) و کێش (بەحر)ەکان دیاری دەکرێن و لێک جیا دەکرێنەوە)) (گەردی،١٩٩٩،ل٨٨) . فەراهیدی دوای ئەوەی کێشەکانی دۆزیەوە ((شازدە کێشی بەکارهاتوو شەش کێشی پشت گوێخراوی لەناو پێنج بازنەدا دیاری کردووە و زاراوەی تایبەتی بۆ جۆری کێش و پایە و پێ و گۆڕانەکانی داناوە)) (گەردی١٩٩٩:١٤٤) .

ئەم کێشە لە بنچینەدا تایبەتە بە شیعری عەرەبی، بەلام دوای بڵاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام بەناو میللەتانی نا عەرەب و گەلانی دراوسێی عەرەب بلاوبووەوە. ئەم جۆرە کێشە یا ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە، یا لە

ڕێگەی ئەدەبیاتی فارسیەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە کاتێک شاعیری کورد ئەم جۆرە کێشەی بەکارهێناوە دەقاو دەق وەکو بەکارهێنانی کێشەکە لە ئەدەبی عەرەبیدا نییە، بەڵکو گۆرانکاریەکی زۆری بەسەردا هاتووە، تا لەگەل سروشتی زمانی کوردی دا بگونجێت و شاعیرانی کورد بتوانن شیعری پێ بهۆننەوە.

## ١-١- کێشی عەرووز:

میهری بەشی زۆری شیعرەکانی بەم کێشە هۆنیوەتەوە، ئەو دەریایانەی کە بەکاری هێناون بە نموونە دەخەینەروو:

### ١-١-١-کێشی هەزەج:

لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) (گەردی ١٩٩٩:٧٧)، میهری (٧) قالبی بەم کێشەی بەکارهێناوە، لەوانە:

### ١-١-١-١- هەزەجی هەشتی تەواو:

ئەسیری پەن/جەیی دەردم/منی بێچا/رە یا الله
بکە بۆ بەن/دەیی ناچا/ری خۆت یەک چا/رە یاالله
ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر، (٦)شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە(٣,٧٥٪).

### ١-١-١-٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەب:

سەرما لە چل و یەکدا کارێکی بە من کرد
فیرقەت بە (رضا) جانا بەعوششاقی تۆ ناکا
ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ـــ/ ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ـــ
مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

میهری (١) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٠,٦٢ ٪) .

### ١-١-١-٣- هەزەجی هەشتی مەحزووف:

وەتەن دوورِی ، وەتەن جانی، وەتەن رووحی رەوانم
وەتەن بۆ من ئەتۆی سەروەر ، ئەتۆی ڕووتبەو نیشانم
ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفعولن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (١) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە(٠,٦٢ ٪) .

### ١-١-١-٤- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

دل خەستەو و دەم بەستە، کەمن کەوتووم ئەمشەو
تریاقی ویصالت مەگەر ئەم دەردە دواکا
ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ.

مفعولمفاعیل مفاعیل مفعولان

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (١٣) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە کە ڕێژەکەی دەکاتە(٨,١٢ ٪).

### ١-١-١-٥- هەزەجی شەشی مەحزووف:

لەبەر نالە و ئەنینم مردم ئەمرۆ
فیراقە هەر لەبۆ من هەمدەم ئەمرۆ
ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (٥٣) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە ،کە ڕێژەکەی دەکاتە(٣٣,١٢ ٪).

١-١-١-٦-هەزەجی شەشی مەقصوور (مەقسوور):

هەزار حەیف و (تأسف) دەربەدەر بووم

ب -- -- -- / ب -- -- -- / ب -- -- .

لە دونیادا عەجەب تووشی کەدەر بووم

ب -- -- -- / ب -- -- -- / ب -- -- .

مفاعیلنمفاعیلن فعولان

شاعیر لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٢) شیعری بەم کێشە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٢-کێشی ڕەمەل:

لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) (گەردی، ١٩٩٩، ل١٠٩)، میهری (٥) پێنج قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

١١-١-٢-١- ڕەمەلی هەشتی مەحزووف:

بیری مزگەوت و سەراکەت مەکتەبیشت چاوەکەم

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -- -- /
-- ب --

بیری ئاو و دۆی شیرینت بیری بێستانت دەکەم

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -- -- /
-- ب --

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتنفاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (١٧) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٢,.١%).

١-١-٢-٢- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصڵەم:

میهری یا کونجی قەناعەت بکە جێگـا بـۆ خۆت

-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / ب -- -- / -- --

بژی بێ ترس و خەتەر هەروەکو پاشا بۆ خۆت

-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / -- --

فاعلاتنفعلاتنفعلاتن فع لن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٤) شیعری بەم کێشە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢,٥٪).

١١-١-٢-٣- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف:

ساقیا تێکە لـە بـۆم کوشـتەیی یـارم بـە خـودا

-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / ب
ب –

کوشتەیی ئەو صەفحەیی مشک غەددارم بە خودا

-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / ب
ب –

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٢) دوو شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٢-٤- ڕەمەلی شەشی مەحزووف:

شـەرت بێ ئیتر داخلی هەولێر نەبم

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب –

تاوەکو بۆ ئەهلەکەی سەروەر نەبم

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (٢) هۆنراوەی بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

### ١-١-٢-٥- ڕەمەلی شەشی مەقصوور:

لە ئەمری یەزدان تۆ ئەبەد دەرمەچوو
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب – .
زلـــزلـــة الســاعــة شــيء عظيم
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب – .
فاعلاتن فاعلاتنفاعلان

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (١) هۆنراوەی بەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٦٢,.٪).

١-١-٣- کێشی موزاریع: لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (مفاعيلن فاع لاتن مفاعيلن مفاعيلن فاع لاتن مفاعيلن) (گەردی، ١٩٩٩،ل١٣٧)، میهری (٢) قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

### ١-١-٣-١- موزاریعی هەشتی ئەخرەب:

نـەدیمی حەسرەتم من، بێ شان و شەوکەتم من
-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- --
چەند ساڵ و چەند عەیامە چاوەڕێی نەصرەتم من
-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- --
مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٣) شیعری ئەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٨٧٪).

### ١-١-٣-٢- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ:

من خۆم کە موعتەبەر بووم پڕ قەدرو تاجی سەر بووم
-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- -- .
بەد بەختی زۆری هێنا وا من کە دەربەدەر بووم
-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- -- .
مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتان

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٣) شیعری ئەم قالبە شیعرییەی بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٨٧٪).

### ١-١-٤- کێشی ڕەجەز:

لەبازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)،(گەردی ١٩٩٩:١٥٢)، میهری دوو قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

### ١-١-٤-١- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون:

دڵ کە نەخۆشە عاجزە خەریکە وا فیرار ئەکا
ب – ب – / ب – ب – / ب – ب – / ب – ب –
مەرهەمی زام و عیللەتی دەمێکە (انتظار) ئەکا
ب – ب – / ب – ب – / ب – ب – / ب – ب –
مغاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (٢) هۆنراوەی بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

### ١-١-٤-٢- ڕەجەزی هەشتی تەواو:

ساقی بە لوتف و مەرحەمەت هەڵسە بگێڕە جامی مەی
– – ب – / – – ب – / – – ب – / – – ب –
قوربانی یەک سەعاتی تۆ تەختی ڕەچاو تاجی کەی

– – ب – / – – ب – / – – ب – / – – ب –

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (١) هۆنراوەی بەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٦٢,.٪).

میهری (١١٢) هۆنراوەی بە کێشی عەرووزی هۆنیوەتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٧.٪) ، شاعیر زیاتر پەیرەوی هەردوو کێشی هەزەج و ڕەمەل ئینجا موزاریع و ڕەجەزی کردووە، کە کێشی هەزەج بە پلەی یەکەم و کێشی ڕەمەل بە پلەی دووەم و کێشی موزاریع بە پلەی سێیەم و کێشی ڕەجەز بە پلەی چوارەم دێت.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو کێشانەی کە شاعیر بەکاری هێناون دەخەینەڕوو:

| جۆری کێش | قالبی کێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هەزەج | | ٧٧ | % ١٢,٤٨ |
| | ١- هەزەجی شەشی مەحزووف | ٥٣ | % ١٢,٣٣ |
| | ٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ١٣ | % ١٢,٨ |
| | ٣- هەزەجی هەشتی تەواو | ٦ | % ٧٥,٣ |
| | ٤-هەزەجی شەشی مەقصوور | ٢ | % ٢٥,١ |
| | ٥-هەزەجی هەشتی ئەخرەب | ١ | % ٦٢,. |
| | ٦-هەزەجی هەشتی مەحزووف | ١ | % ٦٢,. |
| | ٧- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقصوور | ١ | % ٦٢,. |
| ڕەمەل | | ٢٦ | % ٢٥,١٦ |
| | ١-ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | ١٧ | % ٦٢,.١ |
| | ٢- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم | ٤ | % ٥,٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣-ڕەمەلی شەشی مەحزووف | ٢ | % ٢٥,١ |
| | ٤- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف | ٢ | % ٢٥,١ |
| | ٥- ڕەمەلی شەشی مەقصوور | ١ | % ٦٢,. |
| موزاریع | | ٦ | % ٧٥,٣ |
| | ١-موزاریعی هەشتی ئەخرەب | ٣ | % ٨٧,١ |
| | ٢-موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ | ٣ | % ٨٧,١ |
| ڕەجەز | | ٣ | % ٨٧,١ |
| | ١- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون | ٢ | % ٢٥,١ |
| | ٢-ڕەجەزی هەشتی تەواو | ١ | % ٦٢,. |
| | کۆی گشتی کێشە عەرووزییەکان | ١١٢ | % ٧. |

## ١-٢- کێشی بڕگەیی:

ئەم کێشە پشت بە ژمارەی بڕگە دەبەستێت، واتە لە کێشانەکردنی شیعردا ژمارەی بڕگەی دێڕە شیعرەکان لەبەرچاو دەگیرێت، وە هەر دێڕێکیش لە چەند پێیەک پێک دێت. میهری لە کۆی (١٦٠) شیعر، (٢٩) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١٨,١٢ ٪)، لەو کیشانەش کە بەکاری هێناون:

### ١-٢-١- کێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣) و (٣+٤):

میهری (٨) شیعری بەم کیشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

لەم دونیایەی پڕ عـەزاب   (٤+٣+٤+٣)
ئەم دیوە ڕێگەی صەواب   (٤+٣+٤+٣)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە(٨) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کەڕێژەکەی دەگاتە (٥ ٪) .

١-٢-٢- کێشی دەبڕگەیی: (٥+٥)

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

چەندە بەدحاڵم ، هەردەم دەناڵم (٥+٥)
چەنــدە بڵاوە فیکـر و خـەیاڵـم (٥+٥)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪).

١-٢-٣- کێشی یانزە بڕگەیی (٤+٤+٣) و (٣+٣+٥):

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

لە وەختی گوڵ شەرابی گوڵڕەنگ بخۆ
(٣+٤+٤)
بە دەنگی نەی بەزەمزەمەی جەنگ بخۆ
(٤+٤+٣)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪) .

١-٢-٤-کێشی دوانزە بڕگەیی: (٣+٣+٣+٣) و(٤+٤+٤)و(٤+٣+٥)

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

دڵم بەقوربان داغە لە دووری یارم (٥+٣+٤)
بە ڕۆژ تاکو ئێوارە لە ئـاهو زارم (٤+٣+٥)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، تەنها (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪).

١-٢-٥- کێشی سیانزە بڕگەیی:

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

کاکڵی قورئانمان غـەربی عـەمـەل پێ دەکا
لە سوورەی حەدیدە ئەنواعی فەن دەردەکا

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪) .

١-٢-٦-کێشی چواردە بڕگەیی(٤+٣+٤+٣):

ئەم کێشە بریتی یە لە چواردە بڕگە بۆ هەر نیوەدێرێک، سەبارەت بەباسکردن و کەرتکردنی ئەم جۆرە کێشە (د.پەرێز سابیر) دەڵێ: (لەناو ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لەسەر کێشەکانی شیعری کوردی کراون سەبارەت بەم کێشە هەندێکیان هەر باسیان نەکردووە، هەندێکیشیان کە باسیان کردووە بەلای کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشەدا نەچووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کێشە هیچ جۆرە کەرتکردنێکی بۆدیار نەکراوە)(سابیر، ل٣.٤)، میهری (١٣) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆنموونە:

عێراقەکەی نەوجەوان لە پاشـــی دین و ایمان
عەزیزتر لەتۆم نییە قەسەم بە شاهی مەردان

ڕێژەی بەکارهێنامی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر ، (١٣) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨,١٢ ٪).

١-٢-٧- کێشی هەژدە بڕگەیی:

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

مەهپارەکەم ئـەمڕۆ کـە بە عـینـوان و بەناز
بزنی دەدۆشی

(میهری)ش بە هەزاران دەردو کەدەرو خەفەت
ژەهری دەنۆشی

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، تەنها لە (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کەڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪) .

## ١-٢-٨- کێشی نۆزدە بڕگەیی:

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

زەمزەمـەی ئاوازی بولبول، بۆنی گـوڵ عەطری
هەناسـەی یاسـەمین
کاسی کردم ، مەستی کردم ، بێ شەڕاب و بێ
مەزەو ڕووخساری یار

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪).

لەم خشتەیەی خـوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی کێشە بڕگەییەکان لای میهری دەخەینە ڕوو:

| ژ | جۆری کێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١- | کێشی چواردە بڕگەیی | ١٣ | ٨,١٢٪ |
| ٢- | کێشی حەوت بڕگەیی | ٨ | ٥٪ |
| ٣- | کێشی دە بڕگەیی | ٢ | ١,٢٥٪ |
| ٤- | کێشی یانزە بڕگەیی | ٢ | ١,٢٥٪ |
| ٥- | کێشی دوانزە بڕگەیی | ١ | ٠,٦٢٪ |
| ٦- | کێشی سیانزە بڕگەیی | ١ | ٠,٦٢٪ |
| ٧- | کێشی هەژدە بڕگەیی | ١ | ٠,٦٢٪ |
| ٨- | کێشی نۆزدە بڕگەیی | ١ | ٠,٦٢٪ |

سەرنج و تێبینی: میهری (١٧) شیعری هەیە کە بە هیچ یەکێک لە کێشەکانی عەرووز و بڕگەیی ناکێشرێن و ڕێژەکەی دەگاتە (١٠,٦٢٪) لەکۆی گشتی شیعرەکانی، هەروەها یەکێک لە شیعرەکانی لە دیوانەکەیدا لە (٦) نیوە دێر پێکهاتووە لە دێری یەکەمدا بیست بڕگەیە، بەڵام (٥)دێرەکەی تر (١٠) بڕگەیی یە بۆ نموونە:

بـەری بەیـانی لـە مـاڵ هـاتـەدەر
بەربـادی کـردم عیشـوەو دەلالی
بێ ڕەحمـە یـارم ناپرسـێ حـاڵم
دەڕوا بە لەنجە بـۆ مـاڵی خـاڵی

لە دێری دووەمی دا:

پابەندی عیشـقم ڕوو زەردو ڕیسـوام
تووشــی داوی بووم بە دانەی خـاڵی
(دیوانی میهری ٢٠١٣:١٨٦)

١٢-سەروا:بریتییە لەو پیتانە -بەدەنگ یان بێ دەنگ- کە ئاوازەکانیان وەکو یەکەو کەوتوونەتە دوایی هەر دوو نیوە هۆنراوەکە (سەجادی، ١٩٦٩، ل١.٣)، میهری لـە شیعرەکانی دا چەندین جۆر سـەروای بەکارهێناوە لە خـوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین:

## ٢-١- سەروای یەکگرتوو:

ئەو چەشنە سیستەمە بەکارهێنانەی قافیەیە، کە لە شیعری کلاسیکی بەشێک لە ئاوازی قەسیدەو غـەزەل و پارچەی پێ بنیات نـراوە لە سەرەتای قەسیدە تا کۆتایی یەک جۆر قافیەی تێدا بەکارهێناوە (عەلی ٢..٧:٢١٨)، میهری سەروای یەکگرتووی لە بەشێکی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە مەبەست پەیڕەوکردنی یەک سەروایە لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوەکە، بەشی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کـوردی بەم سـەروایە نووسـراوە، کە میهری لە شیعرەکانیدا بەزۆری دەنگەکانی (أ ، ب، ت، د، ر

،م ، ن ، و، ه ، ی ) کردووە بە ڕەوی بەزۆریش دەنگەکانی ( ه ، م ، ی، و) بۆ نموونە میهری لە شیعری (شکایەت لە ئەحواڵی زەمانە)دا دەڵێت:

تەواو سەر گەردانم بێ حەد
پەریشانم A
لە دەست کەرو لەبەر مەڕ تەواو
هەراسانم A
لەباتی حورو غیلمان لەناو
حەیوانانم A
لەناو طابووری غەمدا ڕەئیسی
ئەرکانم A
(دیوانی میهری ٢٠١٣، ل٨٦)

ئەم شیعرەی میهری لە (٤٢) دێرە شیعر پێکهاتووە، هەموو نیوە دێرەکان هاوسەروان، سەروای (انم) لە هەموو نیوە دێرەکان دووبارە بۆتەوە وشەکانی سەروا بریتی یە لە (پەریشانم، هەراسانم ، ....).

## ٢-٢- جووت سەروا (سەروای مەسنەوی):

بریتی یە لەو شیعرەی کە هەر دێرێک سەروایەکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە سەروایە زیاتر بۆ نووسینی هۆنراوەی دوور و درێژ بەکار دەهێنریت، بۆ نموونە میهری لە شیعری (بایەکەی صەبا)دا دەڵێت:

بایەکەی صەبا جەرگ و هەناوم A
بێدارەوە بە ئەی نووری چاوم A
ئیشێکی یەکجار (مەهم)م پێتە B
دەمێکە هەردوو چاوم لە ڕێتە B
دەتنێرم بۆ لای دلدارەکەی خۆم C
دڵداری شیرین گوفتارەکەی خۆم C

میهری (٤) غەزەلی نووسیوە لەسەر سەروای مەسنەوی، کە سێ غەزەلیان هەریەکەیان لە (١٤) دێرە شیعر پێکهاتووە غەزەلەکەی تر لە (١٩)دێرە شیعر پێکهاتووە، لێرەدا شاعیر شێوازی دواندنی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، کە ڕووی دەمی لە (بای صەبا) کردووە بۆ ئەوەی پەیامی شاعیر بە دولبەر بگەیەنێت، پاش ئەوەی کە هیچ کەسێک نەیتوانی چارەسەری دەردە دڵ و نەخۆشیەکەی بکات هانای بۆ (بای صەبا) بردووە .

٢-٣- میهری گرنگی بە شێوازی تری سەروا داوەو ئیستاتیکایەکی بەرزیان خولقاندووە گرنگترینی ئەمانەن:

٢-٣-١- سەروای چواری: چوارین پارچەیەکی چوار لەتیەو کێشی سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەردەبردرێت وەکو (سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەندو قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر......)(گەردی، ١٩٩٩، ل٢٠٤)، میهری لەو شیعرانەی کە بە چوارین نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AABA: (دیوانی میهری ل٢٠٤ - ٢٢٤) (٥٢ جار)
AABC: (دیوانی میهری ل٣١٨ - ٢٢٠) (٣ جار)
AAAA: (دیوانی میهری ل٢١٧ ، ٢١٠) (٢ جار)
ABCB: (دیوانی میهری ل٢٢١ ، ٢٢٢) (٢ جار)
ABCA: (دیوانی میهری ل ٢١٩) (١جار)
AAAA: (دیوانی میهری ل١٧) (١ جار)
BBBA: (دیوانی میهری ل١٧ -١٩) (٩ جار)

بۆ نموونە میهری لەم شیعرەیدا دەڵێت:

بێچارەمە دائیم لە فیراقی تۆ دەناڵێنم
A
وەک زەهرە لەزارم شەکرو ئاوی زولاڵم
A

واللە نەما سەبرو قەرارم سەرو مالم
A
وەک بولبولی شەیدایە هەراسانە دڵی من
B
(دیوانی میهری ٢٠١٣:١١٧)

بەڵام لەناو ئەم (٥) قالبانە زیاتر قالبی (AABA) بەکارهێناوە، هەروەها میهری لە شیعری (من مەستی حەبیبم) دەڵێت:

ئەبەد مەستی بادەنیم
مەستی روحی سادەنیم
مەستی عەشقی حەبیبم
بە هیچ کەس دالدەنیم
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٢٢٣)

## ٢-٣-٢- سەروای کۆپلەی پێنجی

پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە بە پێی سیستەمی تایبەتی سەرواوە دادەرێژرێ، جا ئەو پێنج لەتە چ بە تەنیا پارچەیەکی سەربەخۆ پێک بێنن و چ پارچەیەک بن لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ، (گەردی، ١٩٩٩،ل٢١٥)، میهری لەو شیعرانەی دا کە بەکۆپلەی پێنجی نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAAB: (دیوانی میهری ل٢٢٩ - ٢٣٦) (١٨ جار)
AAAAA: (دیوانی میهری ل٢٢٩ ، ٢٣٢) (٢ جار)
AABBC: (دیوانی میهری ل٢٣٦) (١ جار)
AAABC: (دیوانی میهری ل٢٣٣) (١ جار)

هەروەها میهری لەم شیعرەیدا دڵێت:

ڕەفیقی چاک لەدونیا قەت نەمایە A
لە زومرەی شاە بێ یاخۆ گەدایە A
چ دەورێکە خودایە ئەی خودایە A
هەچی ئەیبینی پڕ جەورو جەفایە A
وەکو دووپشکە عەینەن بۆ ڕەفیقی B
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٢٣٤)

## ٢-٣-٣- سەروای کۆپلەی پێنج خشتەکی

میهری لەو شیعرانەی دا کە بەکۆپلەی پێنج خشتەکی نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAAB: (دیوانی میهری ل٢٣٧ - ٢٤٣) (١٤ جار)
AAAAA: (دیوانی میهری ل٢٣٧، ٢٣٩، ٢٤١) (٣جار)
AABAC: (دیوانی میهری ل٢٤٠) (١ جار)

بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکی میهری کە لەسەر شیعرێکی نالیدا دایناوەو دەڵێت:

بە دائیم دڵم وەک بەردە بێتۆ A
وەکو وەحشی لەشاخ و هەردە بێتۆ A
گوڵ و گوڵزارو قەصرم گەردە بێتۆ A
دەرووم پڕ کەباب و دەردە بێتۆ A
دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێتۆ A
(دیوانی شاعیر ٢٠١٣:٢٣٧)

## ٢-٣-٤- سەروای کۆپلەی تاک

میهری لەو شیعرانەی کە بە کۆپلەی تاک نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهیناوە:

AA: (دیوانی میهری ل٢٤٨ - ٢٥١) (١٠ جار)
AB: (دیوانی میهری ل٢٤٨ - ٢٥١) (٦ جار)

هەروەها میهری شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا دەڵێت:

دڵ خەستە و دەم بەستە، کەمن کەوتووم ئەمشەو
A
تریاقی و ویصاڵت مەگەر ئەم دەردە دەواکا B
(دیوانی میهری ٢٠١٣: ٢٤٨)

### ٢-٣-٥- تەشتیر

جۆرێکە لە سەروای ناوەوە، کە ئاوازی شیعرەکە بەرزتر دەکات (لەم جۆرە شیعرە سەیری نیوە دێر دەکرێت نەک دێرەکان، هەر یەکێک لە نیوە دێرەکان وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ وەردەگیرێت) (أنيس:٣.٢))، جگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، لە رووی کەرتکردنی لەتە دێرەوە شاعیر هۆنراوەکە دابەش دەکات بەسەر چەند سەروایەک، کەواتە تەشتیر (بریتی یە لەو سەروایەی کە بێجگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، شاعیر بۆ تەفعیلە و دەستەواژەکانی نێو دێر و نیوە دێرەکانی هۆنراوەکە دادەنێت)(عبدالله ٢..٢٠١٣:٥). ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەبێت

٢-٣-٥-١- شاعیر دێرە هۆنراوەکەی بکاتە چوار کەرتی یەکسان تەنها نیوە دێری یەکەم تەشتیر بکات بۆ دوو کەرتی هاوسەروا ، نیوە دێری دووەمیان تەشتیر نەکات بۆ نموونە میهری دەڵێت:

من خۆم کە موعتەبەر بووم پڕ قەدرو تاجی سەربووم
بەد بەختی زۆری هێنا وا من کە دەر بەدەر بووم
(دیوانی میهری ٢٠٠٣:٩٥)

٢-٣-٥-٢- یان شاعیر دێرە هۆنراوەکەی خۆی بکاتە چوار لەتی یەکسان، سێ کەرتی یەکەم یەک سەروایان دەبێت و کەرتی چوارەم سەروای گشتی هۆنراوەکە پێک دێنێت، بۆ نموونە میهری لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەگەر رووخسارت ببینم بۆ چیمە من گوڵ چنینم ؟
ئەتۆی گوڵ و هەم نەسرینم ئەی خودا لەم ئاگر بارانە
(دیوانی میهری ٢٠١٣: ١٦٦)

وشەکانی سەروا لە هەر سێ کەرتی یەکەمدا بریتین لە (ببینم، چنینم، نەسرینم) کە لە دەنگی (ببینم) هاوبەشن و (م) دەنگی رەوییە .

### ٢-٣-٦- پاش سەروا:

بریتی یە لەو وشە یان دەستەواژە یان رستەیەی کە بە هەمان واتا لە دوای وشەی سەروا لەکۆتای لەت یان دێرە شیعرەوە دووبارە دەبێتەوە، کە رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە زیادکردنی ئاوازی هۆنراوەکە، میهری بە رێژەیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا پاش سەروای بەکارهێناوە لە (ناو ، کار، جیناو، مۆرفیمی رێزمانی .....) بۆ نموونە میهری لە شیعرێکی دا بەشە ئاخاوتنی (کار)ی وەک پاش سەروا بەکارهێناوە و دەڵێت:

دڵ کە نەخۆشە حاجزە خەریکە وا فیرار ئەکا
مەرهەمی زام و عیلەتی دەمێکە (انتضار) ئەکا
ئەو چەرخی کە چ مەدارە ، کەی مەتلەبی کەس دروست ئەکا
زۆر کەس لە حەیف و داخی ئەو خەریکە (انتحار) ئەکا
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٦٦)

وشەکان سەروا بریتین لە (فیرار، انتظار، انتحار) و (ر) دەنگی رەوییە، (ئەکا) پاش سەروایە کە لەکۆتای وشەکانی سەروا بە هەمان مانا بە درێژایی شیعرەکە دووبارە بۆتەوە، میهری لە هۆنراوەکانیدا لە (١٦) هۆنراوە پاش سەروای بەکارهێناوە.

بەشی دووەم/ مۆسیقای ناوەوەی شیعر

شیعر جگە لە مۆسیقای دەرەوە کە خۆی لەکێش و سەروا دەبینێتەوە، مۆسیقای ناووەش بە هاوبەشی لەگەڵیدا مۆسیقای شیعرەکە بەرزترو رەوانتر دەکەن، ئەم جۆرە مۆسیقایە پەیوەندی بە رێکخستن و هاوئاهەنگی وشەکان لە لایەنی دەنگ و فۆنیم و برگەکانەوە هەیە ، مۆسیقای ناوەوەی

شیعر خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێرە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارە کردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە، مۆسیقای ناوەوەی شیعر (بریتیە لە ئاوازی ناوەوەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێک لە ئامرازە زمانیەکان بە جۆرێک کە زۆر جار لەکێشەکان کاریگەرتر دەبن)، (عید، ١٩٧٥، ل٢١) هەروەها زۆرجار مۆسیقای ناوەوەی شیعر ئاستی داهێنانی شاعیر و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات .

شاعیری داهێنەر ڕەچاوی هەڵبژاردن و ڕێزبوونی وشەکان و دەستەواژەکانی نێو دەقەکەی دەکات، تا ئاواز و ڕیتمێکی بەجۆش بە چنینی ناوەوەی دەقەکە بدات و جۆری بەدوایەکداهاتن و هەڵبژاردنی پەیف لە مۆسیقای ناوەوەدا بایەخی زۆری هەیە ، چونکە مۆسیقای ناوەوە لە ((پەیوەندی نێوان وشەو دەربڕین و ڕستەکانی هەڵبەستەکەوە هەڵدەقوڵێ)) (البصیر١٩٣:١٩٨٣).

گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی میهری بۆ پێکهێنانی مۆسیقای ناوەوە سوودی لێ بینیوە ئەمانەیە:

## ١- پاتکردنەوە:

پاتکردنەوە لە بچوکترین کەرەستەی زمانەوە، کە دەنگە دەگرێتەوە، تا گەورەترین وانەی زمان ، کە ڕستەیە کاتێک پاتکردنەوە لەناو دەقەدا دێتە کایەوە شاعیر کەرەستەیەکی زمانی یا زیاتر ((چەند جارێک پاتی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی ، بەو مەرجەی هەموو واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت)) (عەبدوللا ٢٠١٢:١٢٤). شاعیر بە شارەزاییەوە لێهاتووییەوە سوود لە پاتکردنەوە وەردەگرێت بۆ جوانکردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی تاوەکو بتوانێت کاریگەریەکی زیاتر لەسەر وەرگر دروست بکات دڵ و دەروون و هەست و سۆزی بە ڕێگەی ئەم ڕەگەزەی مۆسیقای ناوەوە بۆ شیعرەکەی کەمەندیش بکات . ئەمەش لەسەر شاعیر پێویست دەکات بە لێزانی و وردەکارییەوە مامەڵە لەگەڵ پاتکردنەوەی دەنگ و وشەو گرێ و ڕستەکاندا بکات و بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لێهاتوانە بەکاریان بهێنێت . کەواتە پاتکردنەوە سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و وای لێدەکات جەخت لەسەر ئەو کەرەستانە بکاتەوە کە زیاتر لە جارێک لە بنیاتی دەقەکەدا هاتوون.

### ١-١ پاتکردنەوەی دەنگ:

بریتی یە لە پاتکردنەوەی دەنگێک بۆ زیاتر لە جارێک لە دێرێک یا کۆپلەیەک یاخود سەرتاپای شیعرەکە، پاتکردنەوەی دەنگ(لەسنووری بەیت و دەقی شیعری دا جۆرە هاوتەرییبیەکی ئاوازەیی پێکدەهێنن بەو هاوتەرییبیەش دیارترین بنەمای جوانی شیعریەت دەردەخسێنێت کە ئەرکەکەی پێش هەر ئەرکێکی تر جوانییە واتا ئەگەر هەڵگری هیچ دەلالەتێکیش نەبێت ئەوا ئەرکی جوانکاریانەی ئاوازەیی خۆی لە ئاستی ئاوازەیی دا هەر دەبینێت، ئەو ئەرکەشی ئەرکێکی دیاری شیعر خۆیەتی) (تۆفیق، ٢٠١٢، ل١١٩). بۆ نموونە میهری لە هۆنراوەیەکی دا دەڵێت:

ساقی تێکە پیالە، زەمانم بوو بە لالە
لە عیشقی ئەو غەزالە، ئەو صاحێب خەت و خالە
ئەو کولمی وەک گولالە، ئەو قودوومی بەفالە
ئەو شۆخی ئەو نیهالە، ئەو ئەبرۆیی هیلالە

(دیوانی میهری ٢٠١٣:١٥٨)

میهری شاعیر لەسەر شێوازی هونەری کەرتکردن وێنەیەکی لێکدراوی لە ئاکامی کەلەکەبوون و چوونە

ناویەکی چەندین وێنەی تاکەوە دروستکردووە، وێنەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی یارو دولبەرەوە دروست بووە، کە هەر لەت و کەرتێک لە کەرتەکانی نیوە دێرەکان جوانییەک و جۆرە ئاوازێک بە تێکرای وێنەکە دەبەخشن و زیاتر دەوڵەمەندی دەکەن (هەموو ئەمانەش خزمەت بە بنیاتی گشتی وێنە لێکدراوەکە دەکەن. دووبارە کردنەوەی دەنگەکانی (ا، ل، ە) لە هەر نیوە دێرێک دا دوو جار بەشێوەیەکی گونجاو مۆسیقایەکی جوانیان بە شیعرەکە بەخشیوە، هەروەها هەریەک لە وشەکانی (پیالە، لالە، غەزالە، خالە، گوڵالە، بەخالە، نیهالە، هیلالە) جگە لە هاوبەشبوونیان لە کۆمەلە دەنگێکدا مۆسیقایەکی جوانی ناوەوەیان دروست کردووە، ئاوازێکی ڕازاوەی ناوازەیان بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها جێناوی (ئەو) لە هەر نیوە دێرێک دووجار دووبارە بۆتەوە، تێکرا ئاوازێکی شیعری بەرزیان دروست کردووەو بنیادێکی ئیستاتیکیان بە شیعرەکە بەخشیووە ، هەروەها میهری شاعیر سوودی لە هەست و بیری شاعیرانی پێش خۆی لەلایەک و سەردەم و ڕۆژگاری خۆی لەلایەکی ترەوە وەرگرتووە، شەیداو هۆگری بیرو مانا قووڵ و فراوانەکانی شیعرەکانیان بووەو لاسایی بەشێکیانی کردۆتەوە، هەروەها میهری لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەتەن دوورِی، وەتەن جانی، وەتەن روحی ڕەوانم
وەتەن بۆمن ئەتۆی سەروەر، ئەتۆی ڕوتبەو نیشانم
(دیوانی میهری ٢٠١٣: ٢٤٩)

دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (ن، ت، ر، و، ۆ، ە) چەند جارێک بەشێوەیەکی گونجاو مۆسیقایەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها وشەی (وەتەن) چوار جار دووبارە بۆتەوە ، جێناوی (ئەتۆ) دووجار دووبارە بۆتەوە ، جگە لە هاوبەشبوونیان لە کۆمەلە دەنگێک ، زەنگ و ئاوازێکی ناوەکییان بەرپا کردووە لە شیعرەکەدا، هەروەها لە ڕێگەی کەرتکردنەوە ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە.

### ١-٢- پاتکردنەوەی وشە:

بریتیە لە پاتکردنەوەی وشەیەک یان زیاتر لە دێرە شیعریک یاخود بەند و کۆپلەو سەرجەمی شیعرێکدا، شاعیر بە زیرەکانە دەتوانێت سوود لەم چەشنە پاتکردنەوەی وشەیە ببینێت و هەوڵدەدات (مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی پێ بەهێز بکات شاعیر کە وشەیەک دووبارە دەکاتەوە مەبەستی جەخت کردنەوەی زیاترە لەسەر ماناو مەبەستی ئەو وشەیە بەمەش مۆسیقای شیعرەکە پتەوتر دەکات و خوێنەریش زیاتر سەرنجی دەداتێ) (ئەحمەد،٢٠١٤، ل١١٩). پاتکردنەوەی وشە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت ئەم بنەمایەی مۆسیقای ناوەوە پەیوەستە بە مەبەستی شاعیر و ناوەڕۆکی ئەو شیعرەی شاعیر دەینوسێت. میهری ئەم جۆرە مۆسیقایەی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەمەش جوانی ڕازاوەیی زیاتری داوەتە شیعرەکانی و شیعرەکانی بەرەو ئاستێکی باڵا بردووە، بۆیە ئەگەر بە وردی سەیری شیعرەکانی میهری بکەین ئەوا دەبینین لە هەندێ شیعرەکانیدا ئەم تەکنیکانەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە میهری لە ڕێگەی نۆبەتی کردنی وشەکان و دووبارەکردنەوەیان ئاوازێکی مۆسیقی ناوەکی دروست کردووەو دەڵێت:

خودایە زۆر پەرێشـــانم خـودایە
بە دەردی دڵ هەراسـانم خـودایە
دەروونم ئاگری گرت بێ قەرارم
ڕزی جەرگـم، دڵ و جانم خودایە
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٢٢٢)

جگە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ، شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ووشە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی بەرزتر کردووە، بۆ نموونە میهری لەم شیعرەی خوارەوە (٩) جار ووشەی (ئەتۆی) ی دووبارە کردۆتەوە و (٢) جار وشەی (بەتۆ) ی دووبارە کردۆتەوە، بەهۆیەوە ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە وەک شاعیر لە وەسفی نیشتماندا وێنەیەکی جولاومان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

ئەتۆی هێزم ئەتۆی قووتی وجوودم
ئەتۆی چاوم ئەتۆی باڵی فرینم
ئەتۆی ڕووحم ئەتۆی ڕەمزی نەجاتم
ئەتۆی مەرهەم لە بۆ زام و برینم
بە تۆ بەرزم بە تۆ من سەر بڵندم
ئەتۆی ماڵم ئەتۆی تاج و نگینم
(دیوانی میهری ٩٣:٢٠١٣)

شاعیر لەڕێگەی (باڵی فرین)ەوە ئاراستەی جولەکەی بەرەو سەرەوە بردووە، بە هەریەک لە ئاخاوتنەکانی (بەرز، سەربڵند، تاج) خۆشحالی خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستی نیشتمان دەربڕیووە، هەروەها میهری لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

شاری هەولێر مەنبەعی عیرفانمە
شاری هەولێر باغ و هەم بێستانمە
سەرچلی سەر ئەرضە قووتی ڕووحمە
شاری هەولێر عەنبەری شارانمە
(ذرە)یێ خاکی ئەمن نادەم بە زێر
گەوهەرە و دووڕە و هەم مەرجانمە
(دیوانی میهری ١٦٣:٢٠١٣)

میهری لەم شیعرەیدا لەسەر شێوازی وەصفی ڕاستەوخۆوە وێنەی شاری هەولێری بۆ دەرخستووین، شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەهۆی وشەی لێکدراوی (شاری هەولێر) کە چوار جار دووبارە بۆتەوە، مۆسیقایەکی ناوەوەی ڕێک و جوانی بۆ کۆپلە شیعرەکە ڕێک خستووەو جوانیەکی تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیووە.

## ئەنجام

میهری وەکو فۆتۆگرافەرێک بەها وێنەی چاوی فۆتۆ ئاسا هەرچی دیمەن و لەقتەیەکی پێ جوان و کاریگەر بووبێ وەریگرتووەو دواتر وێنای کردوون لەناو دەقی شیعریدا وەکو وێنەی شیعری جێگەی بۆ کردۆتەوە، لە ئەلبوومی شیعرەکانیدا چ بە خەیاڵێکی فراوان و چ بەخەیاڵێکی سادەو ساکار بنیات و بەرجەستەی کردوون. شاعیر ئەو بەسەرهات و ڕووداوە واقیعەی کە لە ڕۆژگارو سەردەمیدا تووشی ناوچەکە بووە، وەک شاعیرێکی لێ هاتوو مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و ئاوێتەو تێکەڵاوی هەست و نەست و سۆزی خۆی کردوون و بەرگێکی ئەدەبی و هونەری بەبەردا کردوون، لە قالبی شیعریدا بە ئاوازو ڕیتم و ئەداو مۆسیقاوە زیندوو و بەرجەستەی کردوون.

لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە، میهری مۆسیقایەکی شیعری ڕازاوەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییەوە کە کێشی عەرووزی بە ڕێژەی یەکەم هەزەج کە دەکاتە ڕێژەی (١٢و٤٨٪) کە (٧٧) قالبە شیعری بە کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر ڕەمەل کە دەکاتە ڕێژەی (٢٥و١٦٪) کە (٢٦) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، پاشان موزاریع کە دەکاتە ڕێژەی (٧٥و٣٪) کە (٦) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر ڕەجەز کە دەکاتە ڕێژەی (٨٧و١٪) کە (٣)قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، بەمەش شیعرەکانی لە ڕووی کێشەوە هەمە جۆرن و ئاوازو مۆشیقایەکی خۆشی بە هەموو شیعرەکانی بەخشیووە. بەکارهێنانی کێشی برگە لەپاڵ کێشی عەرووز کە لەدوای کێشی عەرووز بە ڕێژەیەکی گشتی پەیرەوی کردووە لە کێشانەکردنی هۆنراوەکانیدا کە لە کۆی (١٦.) شیعر

(٢٩) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (١٨و١٢٪).

بەکارهێنانی چەندین جۆر سەروا لە هۆنینەوەی شیعرەکانی کە بریتین لە سەروای یەکگرتوو و سەروای مەسنەوی (جووت سەروا) (٤) غەزەلی بەم جۆرە سەروایە نووسیوە، سەروای چواری کە (.٧) قالبی بەم جۆرە سەروایە نوسیووە، سەروای کۆپلەی پێنجی (.٤) قالبی بەم سەروایە نووسیوە، سەروای کۆپلەی تاک (١٦) قالبی بەم سەروایە نووسیوە، تەشتیر (٢) قالبی بەم سەروایە نوسیووە، کە سەروای یەکگرتوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕۆڵی لە پێکهاتنی شیعرەکانیدا بینیووەو دواتر جووت سەروا و ئەوانی تر، بەمەش شیعرەکانی میهری جوانی زیاتری وەرگرتووەو مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی هەمە ڕەنگتر کردووە. لە ڕووی مۆسیقای ناوەوە میهری بایەخی زۆری بە پاتکردنەوە داوە بەتایبەتی پاتکردنەوەی دەنگ و ووشە، کە بە هۆیانەوە ئاوازەکی جوان و دانسقەیان بە شیعرەکانی بەخشیووە.

## سەرچاوەکان

به کوردی

- البصیر ، کامل )١٩٨٣(، ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیرەو کردن) ، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.
- بێدار ، جمال (٢٠١٣)، دەروازەی شیعرناسین، چاپ یەکەم، دەزگای تارین، هەولێر.
- بیمار ، عبدالرزاق (١٩٩٢)، کیش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چ١ ، چاپخانەی (دارالحریە)، بغداد.
- حداد ،عبدالله (١٩٩٧) ، ژیاننامە و شیعرەکانی میهری، چاپخانەی سەلاحەدین هەولێر.
- خەزنەدار ، مەعروف (١٩٦٢)، کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا ، چاپخانەی (الوفاء) ، بەغداد.
- سەجادی ،علاءالدین (١٩٨٦)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەجادی ،عەلائەدین (١٩٧٤) ، نرخ شوناسی ، چاپخانەی (مەعارف)، بەغداد، .
- شارەزا،کەریم (٢٠٠٨)، وشەی شیعری و وشەی ناشیعری، گ: ڕامان: ژ: ١٢٨ .
- علی ، دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراورد کارە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
- عەبدوللا ، ادریس (٢٠١٣)، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەبدوللا ،ادریس (٢٠١٢)، شێواز ، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- عەبدوڵڵا ، عەبدولموتەلیب (٢٠٠٤) ، خەیالی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەلی ، عەزیز(٢٠٠٧) ، فەرهەنگی کێشناسی ، چاپی یەکەم .
- فواد ، احسان (١٩٧٢) ، دووکیشی عەروزی لە شیعری کوردی تازەدا ، گ: کۆلیژی ئەدەبیات ،

زانستگای بەغداد ژ: ١٥ .
– قادر ، خانزاد (٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– گەردی ، سەردار(٢٠٠٤) ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
– گەردی ،عەزیز (٢٠٠٢) ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی.
– گەردی ،عەزیز (١٩٩٩)، سەروا، لیکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر .
– گەردی ، عەزیز(١٩٩٩) ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
– هیرانی ، محەمەد (٢٠١٣)، دیوانی میهری، چ١، هەولێر.
– ئەحمەد ، سافیە (٢٠١٤)، شێوازە شیعرە کوردیەکانی پیربال مەحمود، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
– گەردی،عزیز(١٩٩٤)، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەل عەروزی عەرەبی و کیشی شیعری فارسی ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
محمد، عبدالقادر (٢٠٠٨)، بنیاتی کارامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلیمانی.
به عەرەبی
– انیس ، ابراهیم (١٩٧٣)، موسیقی الشعر، مکتبه الانجلو المصریه، الطبعه الخامسه.
– زاهد ، زهیر (٢٠٠١)، بحوث فی اللغه الشعر و عروضه، ط١ ، عالم الکتب، بیروت.
– سعید، شاهۆ(١٩٩٩) ، دلالات البناء الاقاعي في الشعر ، رسالة الماجستیر ، جامعة السلیمانیة.
– عید ، رجاء (١٩٧٥) ، الشعر والنغم ، مطبعه دار النشر والثقافه، قاهره .
به فارسی:
– شمیسا ، سیروس (١٣٧٤)، اشنائی باعروض و قافیه، چاپخانه رامین، تهران.
– کدکنی ، محمد (١٣٨٤)، موسیقی شعر، چاپ هشتم، نشراگه، تهران.

## الملخص البحث

هذا البحث الموسوم ب(موسيقى الشعر عند ميهرى) هو محاولة لتوضيح الموسيقى في شعر الشاعر ميهرى. ومن الواضح ان الموسيقى هو أساس الشعر، وهي بحاجة الى الايقاع ولاتقوم الا عملية، ويقصد بالايقاع ترتيب اجزاء البيت الشعرى وتردد اجزائها في نسب محدودة وثابتة. وهذه الاجزاء هي وحدات صوتية أو مقاطع صوتية تعرف بالتفاعيل، من هنا يتبين ان الاوزان الشعرية هي الاساس الذي يميز الشعر عن الاجناس الأدبية الاخرى. النهج المتبع في هذا البحث هو المنهج الوصفي التحليلي. وقد درست الموسيقى الخارجية والداخلية وتهتم الموسيقى الخارجية بالوزن والقافية، اذ نظم الشاعر أغلب قصائده اعتمادا على العروض العربي ولاسيما وزن الهزج والرمل والمضارع والرجز, بيد انه استخدم الوزن المقطعي ايضا ولاسيما (٧-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤) كما أنه استخدم المثنوي والرباعيات والخماسي والقافية ذات المقطع الواحد والتشطيرفي القصائده. وعند دراسة الموسيقى الداخلية نجد ان الشاعر استخدم التكرار، تكرار الاصوات والكلمات ..الخ. واختتم البحث بمجموعة من النتائج, ثم ثبت المصادر والمراجع وملخص باللغتين العربية والانجليزية.

كلمات المفاتيح: الموسيقى الداخلية – الموسيقى الخارجية – شعر القديم – البلاغة – الوزن والقافية

## Abstract

This research, entitled (Poetic Music in Mehri,) aims to identify and present poetic music in Mehri's poems. Music constitutes the main structure and foundation of poetry. It is a source of balance, as poetic rhythm, inherited from music, is an important factor that distinguishes poetry from other literary forms. In this research, the descriptive method (analysis) encompasses both external and internal musical elements. The study focuses on the weight and authority of external music. It also considers the weight of the verses, particularly verses as well as the unified verses, Masnavi, ,١٤ to ٧ fourth and fifth-order verses, isolated verses, and taster verses present in his poems, and the internal music. The research concludes with the presentation of several relevant findings, a scholarly and academically compiled bibliography, and a summary of the research in Arabic .and English

Keywords: Internal music – External music – Ancient poetry – Rhetoric – Weight – Rhyme